

**وتوویێژی ماڵپەری ئاوێنە لەگەڵ**

**بەڕێز کاک بابەشێخ حسینی ئەندامی**

**دەفتەری سیاسی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران.**

**پێشەکی زۆر سپاست دەکەین بۆ ئەم دەرفەتەی کە پێت داین بۆ ئەوەی چەند پرسیار لە جەنابت بەکەین.**

منیش زۆر سپاسی ئێوەی بەڕێز دەکەم کە هەلتان بۆ رەخساندم تا لە رێگەی ئێوەو سایتەکەتانەوە سلاوی گەرم پێشکەش بە هاونیشتمانان و کەس و کاری شەهیدان بکەم و هەروەها پیرۆزبایی جێژنی نەورۆز و ساڵی نوێ ١٣٨٤، ٢٧٠٥ کوردی بە هاونیشتمانان ڕادەگەیێنم و ئومێدوارم ساڵی خۆشی و ئازادی و رووخانی دەسەڵاتی نگریسی ئاخوندی بێ.

**بەڕێز کاک بابە شێخ سازمانی خەبات بۆ ئەم ساڵ واتە ساڵی ١٣٨٤ بەرنامەی کاری چیە؟**

لە وەڵامی پرسیارەکەی بەرێزتان، بۆ کار و تێکۆشانی سازمانی خەبات لە ساڵی ١٣٨٤دا، سەرەکی ترین کارەکانمان، پەرە پێدانی تەشکیلات و پێوەندی گرتن لەگەڵیان و هەر وەها کاری ڕاگەیاندن و بە پلەی سێهەم پەرەپێدانی کاری سیاسی و هەوڵ بۆ هاوکاری زیاتر لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسیەکانی گۆرەپانی مووبارزە، لە پێناو هاتنە دی ئامانجەکانی گەلی کورد و گەلانی ئێران کە گرینگترین ئامانج، رووخانی رژیمی ملهوڕی ویلایەتی فقیە.

## بەڕێزتان وەزعی ئێران و کوردستان چۆن دەبینن؟

هەر وەك هەموو لایەك ئاگادارن هەل و مەرجی ناوخۆیی و بە گشتی وەزعی وەڵات بە شێوەییێکە، کە رژیم و دەسەڵات شیرازەی کارەکانی لە دەست دەرچووە. جەماوەر بە تایبەت لاوان و ئافرەتان لە ڕابردوو زیاتر هاتوونە مەیدان و بە گژ دەسەڵات و سیاسەتە سەرکوتگەریەکانیدا دەچنەوە، ئەو رووبەروو بونەوە و ڕاپەڕین و ئیعترازانەی لاوان و جەماوەر، لە دانشگاکان، مەدرەسەکان و شوێنە گشتیەکان بە باشی دەبینرێن. بە تایبەت لە شارەکانی سنە، مەهاباد، بۆکان، کرماشان، سەقز و مەریوان، رووبەرووبونەوەی لاوانی کورد لە بەرانبەر دەسەڵاتداری بە شێوەییێك بوو کە لە ساڵانی ڕابردوودا نەبیندراوە، ئافرەتانی کوردستان، لە ساڵی ڕابردوو شانازیان خولقاند و، شۆرشگێڕانە و دلێرانە و لێبڕاوانە چالاکی سیاسی و رێکخراوی کەم وێنەیان بەرێوە برد و لە هەڕەشەی دژمن نەترسان، بە بینین و هەست پێکردن بەو راستیانەی کە ئێستا لە ئێران و کوردستاندا بەر چاو دەکەوێ، دەبێ بڵەێن کە هەل ومەرجی ناوخۆیی لە ماوەی تەمەنی دەسەڵاتی ملهوڕی ئاخوندیدا، بەڕادەی ئێستا بە زیانی دەسەڵاتداریی ئاخوندی نەبووە. هەر وەك دیاریشە رژیم لەلایەن جیهانیانەوە لە ژێر فشاردایە و ئێستا کەم دەوڵەت هەیە لە سیاسەت و بەرنامەکانی رژیم رازی بێ، بەتایبەت لە مەڕ بەرنامە ئەتومی و چەك سازیەکانی و هەروەها لەو گشتە پێشێل کاریانەی مافی هاووەڵاتیان. ئەو چەند نمونە و دەیان نمونەی دیکە کە رەنگە پێویست نەبێ باسیان بکەم، دەرخەری ئەو راستیەن کە وەزعی ئێران و کوردستان لە ساڵی داهاتوو بە قازانجی جەماوەر و هێزە ئازادیخوازەکان و سازمانی خەبات دەبێ و لە هەمان کاتیشدا ساڵی داماوی ئاخوندان و دەسەڵاتی سەرکوتگەریان دەبێ.

**پێوەندی سازمان لەگەڵ لایەن و هێزە کوردستانیەکان لە چ ئاستێکدایە؟**

پێوەندیمان خراپ نیە، دەکرێ بڵێم لە ساڵانی سەرەتای جوڵانەوەی کوردستان باشترە.

**هێندێک کەس رخنەی ئەوە لە سازمانی خەبات دەگرن کە وەک پێویست ئامادە نەبووە بەشداری بکا بۆ پێک هاتنی بەرەی کوردستانی، جوابتان چیە بۆ ئەو کەسانە؟**

لە وەڵامی ئەو کەسانەی ئەو رخنەیە لە سازمانی خەبات دەگرن، لەگەڵ رێز و ئیحترامم بۆیان، دەڵێم سازمانی خەبات بە هەموو شێوەییێک و توانییێک ئامادەی پێک هاتنی بەرەی کوردستانیە، بەڵام بەرەی کوردستانێک کە هاوکاری و برایەتی و یەک دەنگی تێدابێ و لایەنەکان بە چاوی رێز و ئیحترامەوە لە رەنج و ماندووبوونی یەکتر بڕوانن و هیچ لایەن و هێزێک خۆی بە گەورە هێز و بەردی بناغەی جووڵانەوەی، کورد و لە هەمان کاتدا، بەرەی کوردستانی دانەنێ، لەلاییێکی دیکەوە دەبێ بەرەی کوردستانی سیاسەتی روون و دیاری کراوی هەبێ لە بەرانبەری رژیمی ئاخوندیدا و یەکێک لە شعارە سەرکیەکانی بەرە، رووخانی رژیمی ئاخوندی و دوور کەوتنەوەی لە وتوویژ کردن بێ لەگەڵ رژیم.

**رژیمی کۆماری ئیسلامی لەلایەن کۆمەڵی نێودەوڵەتیەوە فشاری زۆری لە سەرە، بۆ دەست هەڵ گرتن لە بەرنامە ئەتۆمیەکانی، و ژمارەییێک وەڵات بەتایبەت چەند وەڵاتی ئوروپایی ئیمتیازی دەدەنێ کە دەست لە بەرنامە ئەتۆمیەکانی هەڵ گرێ، بە بۆچوونی جەنابت لە ئاکامدا رژیم دەست لە بەرنامە ئەتۆمیەکانی هەڵ دەگرێ؟**

وەك دەرکەوتووە رژێمی ئاخوندی نزیك بە بیست ساڵ بەرنامەی ئەتۆمی بە شاراوەیی ئەنجام داوە تا شورای میلی مقاومەتی ئێران بەرنامە ئەتۆمیەکانی ئاشکرا کرد، لێرەدا ئەو پرسیارە دەێتە پیش، رژێمێك ساڵانێك بە نەهێنی بەرنامەی ئەتۆمی درێژە دابێ، تازە کە گەیشتوەتە دوایین مەرحەلەکانی بۆ درووست کردنی بۆمبی ئەتۆمی ئایا دەستی لێ هەڵ دەگرێ؟ بێگوومان وەلامەکەی نەخێرە- ئەو رژێمە مانەوەی خۆی لە دەست گەیشتنی بە بۆمبی ئەتۆمی دەبینێ، بۆیە گرانەو دوورە، دەست لە بەرنامە ئەتۆمیەکانی هەڵگرێ.

## بەرێزتان هێرشی نێزامی هێزە گەورەکان بەتایبەت ئەمریکا بۆ سەر ئێران، وەك ئەوەی بۆ سەر عێراق کرا چۆن دەبینن؟

زۆر لە هاونیشتمانان ئەوندەیان ستەم و دڕەندەیی رژێم چێشتووە کە پێ یان خۆشە بە هەر شێوەییێك و لە هەر رێگەییێکەوە بێ ئەو رژێمە و سەرکوت لە ئێران کۆتایی بێ، بەڵام پێم وایە هێرشی نێزامی بۆ سەر ئێران رێگە چارەییێکی باش نیە، چاکتر وایە جیهانیان بەتایبەت وەڵاتە خاوەن هێزەکان، هاوکاری جەماوەری ئێران بکەن بە چەند شێوە یەکەم، هەموو نەوعە پێوەندی سیاسی بازرگانی لەگەڵ رژێم بپچڕن، و نوێنەرانی رژێم لە ناوەندە جیهانیەکان دەرکەن، دەست لە هەر نەوعە وتووێژییێکی سیاسی هەڵگرن و پێوەندی دیپلوماتیکی لەگەڵدا بەیەکجاری لەگەڵدا نەهێڵن. ئەو کات بۆ رووخانی ئەو رژێمە پێویستە بە هێرشی نیزامی ناکا.

## لە سەر هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی عێراق و کوردستان نەزەرتان مان بۆ روون، بکەنەوە؟

بێ گوومان هەڵبژاردنەکان لە عێراق سەرەتای گۆڕانێکی گرینگ بوو لە ناوچەکە بە تێکڕاو لە عێراق بەتایبەت، و بۆ گەلی کورد هەڵبژاردنەکانی عێراق رووداوێکی

مێژوویی بوو، بۆ سەلماندنی داواکان و مافە لە مێژینەکانیان کە لەلایەن دەسەڵاتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقەوە پێشێل کراون، بەتایبەت دەسەڵاتی صدام، ئەوەی خراپ بوو بە گەلی کوردی کرد و سەدان هەزار هاووەڵاتی بێ تاوانی کوردستانی بە کۆمەڵ کوشت و بێ سەرو شوێنی کردن، رەحمی بە منداڵی سەر بێشکە و پیری پەك کەوتەش نەکرد، کەوایە هەڵبژاردن و ئاکامەکانی گرینگتر بوون لەوەی کە بە بیری هەمووماندا دێت، بەڵام گرینگتر لەوە پاراستن و بە جێ گەیاندنی هەموو خواستەکانی گەلی کوردە لە کودرستانی عێراق دا، کە لە دوای وەدی هاتنی مافەکانی کورد بە تێکرا، پێ چەقاندن و سوور بوون لە سەر دەسەڵاتی دیموکرات، و رێگە گرتن لە هاتنە سەر کاری دەسەڵات و رژیمێکی هاوشێوەی رژیمی ئێران.

**بەرێز  کاك بابەشێخ حسینی زۆر ت سپاس  دەکەین بۆ ئەو دەرفەتەی پێت داین.**

منیش زۆر سپاسی ئێوە دەکەم

خوێنەرانی بەرێز بۆ پێوەندی کردن و پرسیار لە کاك بابەشێخ  حسینی ئەندامی دەفتەری سیاسی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران دەتوانن بەم ئیمەیلە پێوەندی بگرن و بۆ جوابی پرسیارەکانتان دەتوانن سەردانی ماڵپەڕی ئاوێنە بکەن.

E: sazmanikhabat@yahoo.co.nz

A:   www.inoik.org/awena.htm